# زامی هەڵەبجە کۆن دەبێت ژانی هەڵەبجە زۆردەبێت

نۆزده ساڵ لەمەوبەر، کاتێك شارەکەی ئەحمەد موختاری جاف و کێوە سەرکەشەکانی هەورامان و پێدەشتە بە پیت ڕەنگاورەنگەکانی شارەزوور بۆ پێشوازیکردنی بەهارێکی نوێ ئامادەکاریان دەکرد، فڕۆکە مەرگ چێنەکانی ڕژێمی سەددام، لەژێر سێبەری داگیرکردنی ئەو دەڤەرە، لەلایەن سوپای پاسداران و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ژەهریان بەسەر شار و شارۆچکە و ڕێگە و بان و چیا و دۆڵەکانیدا باراند، پێنج هەزار کەسیان لە دانیشتوانی بێ چەکی شاری هەڵەبجە و ناوچەکە، شەهید کرد و دەیان هەزار کەسیان بریندارکرد و ئەوەی لە حەفتا هەزار کەس مایەوە ئاوارەو سەرگەردان بوون و لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئێران و ئێراقدا ژیانێکی کوللە مەرگیان گوزەراند. (19) نۆزده ساڵ لەمەوبەر و لەرۆژی (16/3/ 1988)دا گەلی کورد کۆسێکی گەورەی کەوت و کەس سەرخۆشی لێنەکرد،گەلی کورد دووچاری گەورەترین تراجیدیا هات و حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە هەندیان وەرنەگرت، دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لەم ڕۆژەدا و لە ڕۆژانی داهاتوودا دووچاری گەورەترین پرۆسەی کومەڵکوژی هاتن و تا ئەمڕۆش ئەو پرۆسەیە بە شێوازی جۆراوجۆر و لەژێر کاریگەری هەمان زهنییەت بەردەوامە.

ڕژێمی ڕەگەزپەرەست و دیکتاتۆری سەددام، بەو کردەوە دژە مرۆڤایەتییەی دەیویست پرۆسەی کۆمەڵکوژی و قات و قڕی نەتەوەیی کورد بەڕێوەببات، دەیویست ئیرادەی بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلی کورد بشکێنێت، بەڵام ئەوەی ڕژێم مەبەستی بوو لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەدەستی بخات، بۆی ئەنجامگیرنەبوو و بەپێچەوانەوە بە سەریدا شکایەوە و ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی نەپێکا، هەڵەبجە بوو بەئەڵقەیەکی پۆڵاین و لە قوڕگی ڕژێمی سەددام گیربوو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تینی بۆ دەهێنا و پشووی سواردەکرد و دووچاری تاساندنی دەکرد. هەڵەبجە بوو بە پێناسی مەزڵومییەتی گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی کێشەی کوردی بەجیهان ناساند، کارەساتی هەڵەبجە لە مێژووی تێکۆشانی ئازادی گەلی کوردا بە ڕووداوێکی مێژووی بێ وێنە دەژمێردرێت و پێشکەوتنێکی چۆنایەتی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. هەڵەبجە گەورەترین شاهیدحاڵی تاوانەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە لەو کاتەدا ڕژێمەکەی سەددام حسێن نوێنەرایەتی دەکرد.

هەڵەبجە ئەو شارەیە کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا چەکی کیمیاوی گازی دەمارەکانی بەسەردا تاقیکرایەوە،هەڵەبجە ئەو شارەیە بەبێ ئەوەی تاوانێکی هەبێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی خۆیەوە بەکوشندە ترین چەکی کیمیاوی مەرگی بەسەردا بارێنرا. هەڵەبجە لەکەیەکی تەڵخە لە ویژدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. هەڵەبجە سەلماندی کە مافی مرۆڤ بۆ گەلی کورد درۆیەك بوو، لەسەر دەمی هەڵەوەڕی مێژوو دەرچوو. (1)

لە بەرامبەر گەورەیی کارەساتی هەڵەبجەدا، بچوکترین کاردانەوە و هەڵوێستی مرۆڤدۆستی نەبینرا، کۆنگرەی ئیسلامی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەو کاتەدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکراکرد و دەرکەوت کە بێجگە لە ئامرازێکی دەستی دەسەڵاتدارانی ناوچەیی و جیهانی هیچ شتێکی تر نەبوون. ئا لەم کاتەدا ڕۆڵەکانی گەلی کورد و شاعیران ڕاستینەی ئەو بێ کەسییەی گەلی کورد و ئەو بێ ویژدانییەی مرۆڤایەتیان بەم شێوەیە دەربڕیوە :

ئیتر لەمەودوا، لە هەڵەبجەوە

دەڕوانینە خەڵك، دەڕوانینە خوا.....(2)

ئەگەرچی ڕژێمی سەددام لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی کۆمەڵکوژی گەلی کورد و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دژی خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستاندا پەتی سێدارە بوو بەمیوانی، بەڵام ڕژێمە داگیرکەرەکانی تری کوردستان تا ئەمڕۆش لە سەر سیاسەتی نکۆڵیکردن و پاکتاوکردنی نەتەوەیی کورد بەردەوامن و سوودیان لە ئەزموونی ڕژێمی سەددام وەرنەگرتووە و چارەنووسی ڕژێمی سەددام نابینن و بە دژایەتیکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، خەریکە چارەنووسی خۆیان وەکو چارەنووسی ڕژێمی سەددام لێدەکەن. لەم ڕۆژانەدا دەبینین ڕژێمی تورکیا دوای تێپەڕبوونی نۆزده ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوەی

کیمیابارانی هەڵەبجە و لە زیندانی تاکە کەسی ئیمرالیدا بەبەرچاوی هەموو دام و دەزگاکانی مافی مرۆڤ و سیستەمی جیهانگیرییەوە و بە بێ شەرمانە و دوور لە هەموو بەها و پێوانەیەکی مرۆیی و ئەخلاقی بە شێوەیەکی بەرنامەرێژکراو بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆجەلان"ی ڕێبەری(KKK) ژەهرخوارد کرد و سەددام ئاسا دەیانەوێت راستی کارەساتەکە لە بەرامبەر رای گشتی و گەلی کوردا بشارنەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە داگیرکەرانی کوردستان هێشتا رقی شۆڤینیان بەرامبەر بە گەلی کورد خاونەبووەتەوە و ئامادە نیین پەند لە رابردووی خوێناوی خۆیان وەرگرن.

لە نۆزدەهەمین ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ئەگەر سەیری هەڵوێستی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بکەین کە چۆن سەیری قوربانیانی کارەسات دەکات و چۆن گرنگی بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە هەرە وێرانەی کوردستان نادات؟؟ لە بەرامبەر دەسەڵاتی خۆماڵیدا دووچاری خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و بێ بڕوایی دەبین.دەبینین ئەو هێزانەی نۆزدە ساڵ لەمەوبەر هێزی چەکداری وڵاتێکی تری داگیرکەری کوردستانیان پەلکێشی شاری هەڵەبجە کرد، ئەو هێزانەی لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ئامادە نەبوون بۆ چەند چرکەیەکیش سەروماڵی خەڵکی هەڵەبجە بپارێزن، ئەو هێزانەی کە لە ئۆردوگاکانی ئاوارەییدا ئاوڕێکیان لە خەڵکی هەڵەبجە نەدەدایەوە، ئەو هێزانەی لەدوای راپەڕین و ئازادبوونی بەشێکی فراوانی باشووری کوردستان گرانترین قۆناخەکانی شەڕی براکوژیان لە گەردنی پیرۆزی هەڵەبجە ئالاند، ئەوەی نۆزدە ساڵ لەمەوبەر رژێمی سەددام بۆی نەکرابوو ئەوان بۆیان تەواوکرد و بە هەمان چاوی داگیرکەرانەوە سەیری هەڵەبجە دەکەن، گەندەڵترین شێوازی بەڕێوەبەرایەتی لە هەڵەبجەدا پەیڕەودەکەن، بۆگەنترین شێوازی سەرکوتکردن بەسەر دانیشتوانی هەڵەبجەدا دەسەپێنن، بەرامبەر بەهەر ناڕەزاییەکی رەوای خەڵکی هەڵەبجە بەگوللە و تاوانبارکردن و زیندانی کردن، وەڵام دەدەنەوە. بۆیە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، لە دواکەوتووترین باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا دەژین و ئومێد ناکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا خەڵکی ئەو دەڤەرە لە ئاسەوارەکانی کیمیابارانەکە و جۆرەکانی تری چەوسانەوەی دەسەڵاتی کوردی رزگاریان بێت، ئەوەی هەیە و تا ئەمڕۆ دەیبینین ئەوەیە تا دەسەڵاتی کوردی بەو زهنیەتەوە بڕواننە زامەکانی هەڵەبجە و سەرتاپای زام و پێویستییەکانی گەلی کوردستان دابڕانی نێوان گەل و دەسەڵات زیاتر پێشدەکەوێت و دەگەینە ئەو ئەنجامەی : تا تازامی هەڵەبجە کۆن ببێت،لە سایەی دەسەڵاتی کوردی بەم شێوەیەدا، ژانی هەڵەبجە زۆر دەبێت.

**د. فایەق محەمەد گوڵپی**

**سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**2007 - 3 - 15**

(1)هۆنراوەی شێرکۆ بێ کەس

(2)هۆنراوەی حەسیب قەرەداغی